Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

تاريخ الارسال2024-9-21 تاريخ التعديل 09-10-2024 تاريخ القبول 28-10-2024

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq/

**Abstract**:Story is one of the basic genres of literature that is still important in the world and is constantly renewed and developed. Storytellers have always resorted to techniques and genres in writing their stories that attract the attention of readers and critics This research entitled (Principles of Fantasy in Ahmad Mohammed Ismail) is an attempt to introduce the concept of fantasy and then explain it in the field of literature.

For this purpose, we have taken both stories (Flights, Unruly Dreams) by the storyteller (Ahmad Mohammed Ismail) as an example, The research consists of two parts The scope of the research in relevant dimensions such as historical, philosophical, literary, aesthetic aspects have been briefly highlighted, in the second part we have practiced all scientific views and observations on both stories, and identified the scientific reasons that make these texts fantasy .

الفانتازيا كمفهوم جديد و تقنية ادبية يمثل دورا رئيسيا فى القصة الكوردية المعاصرة ، لذلك خصصنا هذا البحث الموسوم (مبادئ الفانتازيا عند أحمد محمد إسماعيل) لإلقاء الضوء على أحد نماذج القاص أحمد محمد اسماعيل في هذا المجال.

يعد البحث محاولة لتعريف مفهوم الفانتازيا ومن ثم شرحه فى مجال القصة، ولهذا الغرض إتخذنا قصتى( تحليقات ، أحلام غير مؤطرة) للقاص (احمد محمد اسماعيل) مثالا .

يتكون البحث من مقدمة و جزأين، خصص الجزء ألاول للجانب النظري، حيث شرحنا فيه مفهوم و مصطلح الفانتازيا من مختلف الجوانب تبعاً لمتطلبات البحث وحدوده وأبعاده ذات الصلة، كالجوانب التأريخية والفلسفية و الأدبية، و سلطنا الضوء عليها بشكل مختصر، وفى الجزء الثانى طبقنا جميع آرائنا العلمية على القصتين المشار إليهما لتحليلهما بدقة وإمعان، كما حددنا وبيّنا الأسباب و العوامل التى جعلت من هذه النصوص نصوصا فانتازية.

## بنەما فانتازییەکان لای ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
## بە نموونەی چیرۆکی (فڕینەکان ، خەونە بێسەروبەرەکان)

سالارکەریم حسێن*

## پوختە:

چیرۆک یەکێکە لە پایە و ژانرە بنەڕەتییەکانی ئەدەب کە تائێستا لە جیهاندا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە و بەردەوام لە نوێبوونەوە و بەرەوپێشچووندایە، چیرۆکنووسانیش هەمیشە لە نووسینی چیرۆکەکانیاندا پەنایان بردووەتە بەرتەکنیک و ڕەگەزی ئەوتۆ کە جێگای سەرنجی خوێنەران و ڕەخنەگرانی بوارەکە بێت، یەکێک لەوانە بریتییە لە فانتازیا کە یەکێکە لەو ڕەگەزە دێرینانەی کە هەر لەکۆنەوە تێکەڵی ژیانی کۆمەڵایەتی و بواری گێڕانەوەیی زارەکی خەڵک بووە، پاشان وەک تەکنیکێک بەشێوەی هونەری تێکەڵ بە کایەی ئەدەب و ژانرەئەدەبییەکان کراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناوی (بنەمای فانتازی لای ئەحمەدمحەمەدئیسماعیل) هەوڵێکە بۆ ناساندنی چەمکی فانتازیا لە کایەی ئەدەبدا، بۆ ئەومەبەستەش هەردووچیرۆکی (فڕینەکان ، خەونە بێسەروبەرەکان)ی چیرۆکنووس (ئەحمەدمحەمەدئیسماعیل) مان وەک نموونە وەرگرتووە، لێکۆڵینەوەکەش لە دووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەممان بۆ لایەنی تیۆری تەرخان کردووە، کە تیایدا چەمک و زاراوەی فانتازیامان لە چەندلایەنێکی جۆراوجۆرەوە ڕوون کردووەتەوە، هەروەها بەپێی پێویست و سنووری لێکۆڵینەوەکە لە ڕەهەندە پەیوەندیدارەکانی وەک لایەنی مێژوویی، فەلسەفی، ئەدەبی ، ئیستاتیکی بەکورتی تیشکمان خستووەتەسەری، لەبەشی دووەمیشدا پراکتیکی کۆی دید و سەرنجە زانستییەکانمان لەسەر هەردووچیرۆکی ئاماژە پێدراو کردووە، هەروەها ئەو هۆکارە زانستیانەمان دەستنیشان کردووە کە ئەم دەقانەیان کردووە بە دەقێکی فانتازی.

**کلیلە وشەکان**: فانتازیا ، چیرۆک ، خەیاڵ ، دەقی فانتازی، ئیستاتیکا ، میتامۆرفیس

### میتۆدی زانستی:

میتۆدی زانستی کە پایەی بنەڕەتیی لێکۆڵینەوەیە و بریتییە لە بەکارهێنان و گرتنەبەری ڕێگا و ڕێباز و شێوازی زانستی بۆ گەیشتن بەڕاستییەکان بەجۆرێک کە بۆ پرۆسەی شیکاریی دەقەکە گونجاوبێت، بەم پێیەش بێت زۆرجار ناوەرۆکی خودی دەقەکە وا دەخوازێت کە بە میتۆدێکی دیاریکراو کاری لەسەربکرێت، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سودمان لە میتۆدی وەسفیی – شیکاری و میتۆدی مۆرفۆلۆجیی (ڤلادیمێرپرۆپ) وەرگرتووە، گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە لە هەناوی دەقەوە دەگەڕێت بۆ وردەکاریی ئەو تەکنیک و میکانیزمانەی کە لە ئەفراندنی دەقەکەدا بەکارهێنراون و دەبێتە ڕێگاخۆشکەر کە لە داهاتوودا لێکۆڵینەوەی فراوانتر لەسەر ئەم چەمکانە بکرێت کە لێرەدا ئاماژەیان پێدراوە.

---

* مدرس مساعد وزارة التربية في إقليم كوردستان العراق مديرية تربية محافظة السليمانية

## بەشی یەکەم:

### پاری یەکەم: فانتازیا ، چەمک و پێناسە

فانتازیا لە زماندا بەواتای وەهم وخەیاڵ دێت، لەسەرئاستی ئەدەبیش ئەوجۆرە بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لەسەربنەمای خەیاڵ و ڕەگەزەکانی دوور لە واقیع بونیادنرابن و وێنای زیهنیی سەیر و کەشی سەرنجڕاکێش و نامۆ و خەیاڵی بخولقێنن، بۆ تێگەیشتنی زانستیی ورد لە چەمک و واتا و ئەرکەکەیشی وا باشترە سەرەتا لەلایەنی وشەسازیی زاراوەکە، پاشان لە چەمک و واتا و دەلالەتەکان و مێژووی بەکارهێنان و قۆناغەکانی بڕوانین.

زاراوەی فانتازیا (phantasia) لەبنچینەدا یۆنانییە و لە وشەی (phainein) ەوە وەرگیراوە، لەڕووی فەلسەفییەوە لای ئەفلاتون بەواتای کاریگەریی فێڵی چاو بەکارهێنراوە، دواتر لای ئەرستۆ دەلالەتی خەیاڵێکی داهێنەرانە و پڕبەرهەمی هەبووە، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا چەمکەکە زیاتر بەلای(بیرۆکەی شەیتانی) دا چووە و لەسەردەمی ڕێنسانسیشدا زیاتر واتای دوودڵی و گومان و ڕاڕایی گەیاندووە کە گوزارشتی لە بیروڕۆح کردووە و لەناوەڕۆکیشدا خەونی تایبەت و ویست و ئارەزوی تێدابووە، ( ارون ، جاک ، ڤیا ، ٢٠١٢ : ص٧٩١ )، ڕەهەندێکی تری دەلالەتی زاراوەکەش بەرامبەر ترس و دڵەڕاوکێ هاتووە، فانتازیا بینین و وێناکردنی عەقڵانی و لۆژیکی بۆ واقیع هەڵدەگێڕێتەوە پێچەوانەی دەکاتەوە، بەوەی کە گومان و دوودڵی و ڕاڕایی تێکەڵ بە واقیع دەکات و نزیکی دەکاتەوە لەبابەتی سەرووسروشت، یان پێچەوانەی سروشت، بەوەش تێگەیشتن و دیدی ڕاست ودروست بۆ واقیع دەشێوێنێت و لە فۆرمە ڕاستەقینەکەی خۆی لای دەدات و نایهێڵێت، هەروەها گومان دەخاتە سەر بوونە واقیعییەکە و بەئاراستەی دژەواقیع دەبیات، بەم پێیەش فانتازیا بریتییە لە کۆمەڵە خەیاڵ وئەندێشەیەک کە بوونی ڕاستەقینەیان نییە و بەدیهاتنیان ئەستەمە، بەتاڵن لە لۆژیک و ژیری و واقیعی ڕاستەقینە، کاتێک ئاراستەی خوێنەر یان وەرگر دەکرێن، کار لەسەر نەست و ناخ و دەروون و لایەنە نادیار و ناوەکییەکانیان دەکەن.

فانتازیا بەواتا گشتییەکەی لە هەمووجیهاندا مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە و هاوتەریب لەگەڵ مێژووی مرۆڤدا هاتووە، ڕەگوڕیشەکەی زۆرقووڵە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێک کە ئاسان نییە بە دیاریکراوی سەرەتاکەی دەستنیشان بکرێت، مرۆڤی چاخە کۆنەکان پاش بەسەربردنی ڕۆژگاری سەختی پڕ ڕەنج وماندووبوون و ڕووبەڕووبوونەوە و سەرکێشییەکانیان لەگەڵ سروشت و ژینگە و ئاژەڵ و گیاندار و مەترسی دڕندەکاندا، شەوان کە پێکەوە کۆبوونەتەوە چیرۆکی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕۆژانەی خۆیانیان بۆ یەکتری گێڕاوەتەوە، بۆیە دەکرێت بەشێک لەو چیرۆک و بەسەرهاتانەشیان تێکەڵاوی گێرانەوەی جۆراوجۆر و چێژبەخش کردبێت، یان لایەنی کەم چێژێکیان بەخشیبێتە بەرامبەرەکەیان، لێرەدا ڕاستییەکی زانستی لەبارەی هونەری گێرانەوەوە هەیە ئەویش ئەوەیە کە سەرەڕای جیاوازی لە زەمان و سەردەم و ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفەی تاک و جیاوازیی جۆری ژیار و شارستانییەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەر لەکۆمۆنە سەرەتاییەکان و ژیانی ناو ئەشکەوتەوە تا دەگاتە قۆناغە پێشکەوتووەکانی شارستانی، هونەری گێرانەوە لای مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی سەرەتایی خۆی بووە وەک موبالەغەکردن و زیادەڕۆیی و تام وچێژپێدان و تێکەڵاوکردنی بابەتی خەیاڵی و خۆبەپاڵەوانکردن و جۆراوجۆریی لە گوزارشت و دەربڕین و ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر، کە دواجار ئەم خاسیەتانەش بەناڕاستەوخۆ کەشێکی فانتازی دەخولقێنن، بەدرێژایی قۆناغەکانی دواتریش وێڕای ئەوەی کە نەوە لەدوای نەوە دەماودەم و پشتاوپشت ئەم جۆرە گێرانەوانە بەردەوامییان هەبووە، هاوکات بەپێی هەلومەرجە

جیاوازەکان ئەمانیش گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە و بابەتی نوێیان تێکەڵاوکراوە و گێڕانەوەکان فۆرمی جۆراوجۆریان بەخۆوەبینیوە، بەم شێوەیە بەدرێژایی مێژوویەکی زۆر دێرین و نادیار بابەتی فانتازیا بەشێوەپراکتیکیەکەی لەگەڵ نائاگایی و کۆنەستی کۆمەڵگەدا تێکەڵاوبووە و بە قووڵایی کلتور و مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕۆچووە.

لەسەرئاستی بەڵگەنامەییش لەو کاتانەوە کە پاشماوەی ژیار و شارستانییەتەکانی چاخی میسۆلۆژیی سۆمەری و میسرییەکۆنەکان و بابلییەکان دۆزرانەوە و هەندێک لە کۆدەکانیان کرانەوە و پەی بە زانیاری و نهێنییەکانی ناو بەرهەمەکانیان برا و ئاشکرا کران، دەرکەوت کە بەشێکی سەرەکی و گرنگ لە بەرهەمی ئەوچاخانە پڕبوون لەبابەتی فانتازی، کە لای ئەوان زیاتر تێکەڵاوی داستانەکانیان بووە، لای سۆمەرییەکان داستانی گلگامێش، لای بابلییەکان داستانی(ئینومائیلش) کە واتا و دەلالەتی (کاتێک کە بەرزدەبیتەوە!) دەگەیەنێت و بەرهەمی سەدەی( ١٨ پ.ز) ە ، باس لەشکۆو بەرزی خواوەندی بابلییەکان دەکات، لای یۆنان و ڕۆمان و نەتەوەکانی دواتر بەردەوام فانتازیا ئامادەیی هەبووە، چیرۆکەکانی (هۆمیرۆس) پڕبوون لە کەسایەتی و ڕووداوی خەیاڵیی فانتازی و دوور لەواقیع، لەلایەکی تریشەوە هەر لە دێرزەمانەوە چیرۆکەکانی جنۆکە و پەریان و بوونەوەری خەیاڵی لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا لەبرەودابووە، لەسەدەکانی ناوەڕاستیشەوە هەتا کۆتاییەکانی سەدەی (١٨ز) و سەرەتای ڕۆمانسییەت بابەتەکانی تەلیسم و سیحر و جادو و شەیتانییات و فێڵ و تەڵەکە و چاوبەست، پشکێکی زۆریان لە ئەدەبدا هەبووە، بەتایبەتی لە ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆر و میللیدا و دەرئەنجامیش بەئاراستەی جۆرێک لە ئەدەبیاتی سەرسوڕهێن و عەجاییبی بردوونی، ئەم هێڵە فانتازی و خارقە لە فەرەنسا و پاشان لە ئەورووپادا بەهۆی ئەو سامان و کەلەپورە سەرسوڕهێن و سەرنجڕاکێش و فانتازییانەوە کە هەبوون، بەخێرایی گەشەی کردوە و بەرگی مۆدێرن و نوێی لەبەرکراوە و فراوان بووە، هەرزوو بووە بەئیلهام وسەرچاوە بۆ گەلێک چیرۆک و چەشنی ئەدەبی هاوشێوە، نووسەرانی وەک: (دون جوان، هوفمان ، فاوست، هۆراس والپول....)، چەندین مۆتیڤ و بابەتی سەرنجڕاکێشیان خستووەتە ناوبەرهەمەکانیانەوە لەوانەش وەک: (تارمایی، کۆشک و پەرستگای پڕ لە بوونەوەری نامۆ، قەڵای کۆن و خورافی، جنۆکە و پەری ، شەیتان، مرۆڤ و بوونەوەری کورتەباڵا (قەزەم) کە لەتوانای مرۆڤی ئاسایی زیاتریان پێدراوە، سیحر و جادو، ڕووداوی سوپرایز و کتوپڕ، جوڵەی ترسناک ودەنگی ناساز، تەوزیفکردنی خوێن چ وەک ڕەنگ، یا لە فۆرمی خوێن مژیندا، زۆنی بەتاڵ وچۆڵەوانیی پڕگومان و مەترسی ، تەقەتەق و بیستنی ژاوەژاو و دەنگی نامۆ و ڕاچڵەکێن لەشوێنی نادیارەوە) ، کە تێکڕای ئەوانە لادان و دەرچوون بوون لە تێگەیشتن و ڕاڤەیەکی ڕاستەقینە و دروست بۆ ژیان و ژینگەی مرۆڤایەتی، نموونەی هەندێک لەو ڕۆمان و چیرۆکانەی کە بابەتەکانی ناواقیع و فانتازییان لەخۆگرتبوو وەک: ڕاهیب-ی گریگۆرلویس-١٧٨٠، کۆشکی ئۆترانت- ی هۆراس والپول- ١٧٦٤، سمارا-ی شارل نودیە- ١٨٢١، جنۆکەی ناوکچەکە-ی نیرڤاڵ -١٨٣٢، چەندانی تر ( ارون ، جاک ، ڤیا، ٢٠١٢ : ص٤٦٧).

لەگەڵ سەرهەڵدان و داهێنانی فیلم و وێنەی جوڵاو و سینەماشدا، بابەتی چیرۆکی فانتازی زیاتر برەوی پەیداکرد، شاشەی سینەما بوو بە پانتاییەکی گرنگ کە تیایدا ئەم جۆرە ئەدەبەی لە چوارچێوەی گێڕانەوە و وشە و دێڕ و نووسینەوە گواستەوە بۆ بواری بینینکاری و لەگەڵ هەستەکانی بینین و بیستندا تێکەڵی کرد، لێرەوە فانتازیا بوو بەسەرچاوە و مادەی خاوی سینەما، فیلمی سینەمایی سودی لەو وێنە و دیمەنانە وەرگرت کە وەهم و ڕاڕایی بۆ باری واقیعی و ڕاستەقینەیان دروست دەکرد و بینەریان دەخستە دۆخی سوپرایز و ترس و گومان و وروژاندنەوە، بەتایبەتی لەلای (فریتزلانج) و (هیتشکوک) زیاتر گەشەی

کرد و بەرەوپێشەوە هەنگاوی نا ، کاتێک کە بەمەبەست وێنەی هەڵەو پێچەوانەی واقیعییان تێکەڵ بە سیناریۆی سینەماکانیان دەکرد، (علوش: ٢٠١٩ : ص٣٠٣ )، هەروەها لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئەم بابەتەسەرنجڕاکێش و فانتازییانە بوون بە بەشێکی گرنگ لە جیهانی منداڵان و لەشێوەی فیلمی سینەمایی و زنجیرەی تەلەفزیۆنی و فیلم کارتۆنی منداڵان و تەنانەت بابەتی پەروەردەییشدا تەوزیفکران، چونکە لەگەڵ گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی زیاتری هونەری سینەما و تەکنیکەکانیدا، هاوتەریب دەنگ و ئاواز و مۆسیقای ڕاچڵەکێن و نیمچەترسناک لەگەڵ سێبەروتاریکی وگرتە سەرنجڕاکێش وچاوەڕواننەکراوەکاندا تێکەڵ دەبن و کەشێکی فانتازیی دروست دەکەن و باڵ دەکێشن بەسەر هەست و سۆزی بینەردا و وروژاندن و کاردانەوەی دەروونییان لەلا دروست دەکەن، بەڵام سەرباری هەموو ئەوانە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە وێڕای هەندێک لێکچوون و نزیکی لەنێوانیاندا ، هێشتا ئەدەبی فانتازی جیایە لەبابەتی ترسناک و تۆقێنەر، چونکە لەڕووی ناوەرۆک و ئەرک و ئامانجەوە دووبابەتی سەربەخۆن و هەریەکێکیان خاوەنی ناسنامە و تایبەتمەندی خۆیانن و لەسەر بنەمای هونەریی تایبەت بەخۆیان بونیاتنراون، فانتازیا زیاتر کار لەسەر دروستکردنی تەمومژ و گومان و ڕاڕایی و دوودڵی لەسەر عەقڵ دەکات و لەڕێگای سەرنجڕاکێشان و بەڕەمزکردنەوە سنوورو هێڵێکی جیاکەرەوە دەکێشێت لەنێوان خۆی و خوێنەری بیرکەرەوەی تێرامێندا.

سەبارەت بە جۆرەکانی فانتازیاش دەتوانین بڵێین کە فانتازیا فرەجۆر و شێوەیە، بەپێی ئەوەی کە مێژووی فانتازیا گەلێک کۆنە و وەک ئاماژەمان پێدا ڕەنگە هاوتەریب لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەویش هەبووبێت، بۆیە دەکرێت بەپێی زۆربەی ئاستەکانی بیرکردنەوە و تێرامان و جیهانبینیی مرۆڤی قۆناغە مێژووییە جیاوازەکان و شوێنەجیاوازەکان فانتازیاش فۆرم وشێوازی جۆراوجۆری بەخۆیەوەبینیبێت ، توێژەرانی بوارەکە بەپێی ناوەرۆک و ئەوبابەتە جۆراوجۆرانەی کە وەک توخمی زاڵ لەناوفانتازیاندا بەکارهێنراون چەندین جۆریان لێ دەستنیشان کردووە کە هەریەکێک لەوانە تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، بەڵام لەکۆی گشتی تایبەتمەندی و سیماوخەسڵەتیاندا چوونیەکن و هەڵگری هەمان تێما و مۆتیڤن، بەشێوەیەکی گشتی فانتازیا چەندین جۆری هەیە لەوانە:

١- فانتازیای داستانی و ئەفسانەیی.

٢- فانتازیای گیانداران.

٣- فانتازیای جنۆکە و پەریان.

٤- فانتازیای ڕووەکی.

٥- فانتازیای جادوویی.

٦- فانتازیای پێشبینیکردن بۆ داهاتوو.

٧- فانتازیای خەون و خەون بینین.

٨- فانتازیای سەفەر بەناو کات وشوێندا.

٩- فانتازیای مێژوویی.

١٠- فانتازیای هەرزەکار و نەوجەوانان.

١١- فانتازیای عاشقانە.

١٢- فانتازیای شەیتان و ئەهریمەن وهێزی شەڕانگێز و خراپەکار.

١٣- فانتازیای دۆنادۆن و ئاڵوگۆڕی ڕۆحی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵ و گیاندارانداو ، یاخود بەدگۆڕان.

١٤- فانتازیای خەیاڵی زانستی. (خجسته و چاهستانی، ١٣٩١ : ص ٧-١١)

هەریەکێک لەوجۆرە فانتازییانە لە زۆرڕەهەند و لایەنەوە تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە و خاوەنی سەربەخۆیی خۆیانن، لەچەندین لایەنەوە جیاوازی ڕێژەیی لەنێوانیاندا هەیە لەوانە لەلایەنەکانی: ناوەرۆک و تەوەری سەرەکییان، توخمی زاڵ تیایاندا، کات و سەردەم، ڕەگەز و تەمەنی بەکارهێنەر، ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیریی بەکارهێنەر، کلتوری وڵات یان دەڤەر و ناوچە و شوێنی بەکارهێنەر، واتە لە هەرجۆرە فانتازیایەکدا یەکێک لەو لایەنانە تەوەری سەرەکی و چەق و سەنتەرە تیایاندا، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا لە تێمای سەرەکی و کۆی گشتی سیما و تایبەتمەندیی فانتازییاندا هاوبەش و چوونیەکن و تێکڕا لەژێر پێناسەی یەک چەمکدا کۆدەبنەوە.

لەسەرئاستی ڕووداو و بەسەرهاتیش لە فانتازیادا بەشێکی ڕووداوەکان نائاساین بەجۆرێک کە  لەگەڵ نۆرم و یاساسروشتیەکانی ژیانی ئاساییدا ناگونجێن و ئەستەمن، وەک ئەوەی کە سیفات و تایبەتمەندیی و ڕەفتاری مرۆڤانە لەبابەتەکانی: قسەکردن، پلان دانان، بیرکردنەوە، جووڵە، گفتوگۆکردن، دەسەڵات....تاد، بداتە پاڵ ئەوانەی کە مرۆڤ نین، وەک ئاژەڵ و باڵندە و کەرەستەی بێگیان، بۆنموونە لەم جۆرە ڕووداوانەدا ئاژەڵ و گیانداران قسەدەکەن، یان چەم و ڕووبار و بەرد و بابەتی بێگیان دەبنە ڕۆحلەبەرو گیاندار، ئەوشت و ڕووداوە غەریب وسەیر و مەحاڵانە بونیاد و ڕەوتی ئاسایی چیرۆک یان ڕۆمانەکە دەشێوێنن، گۆڕانکاری بەسەردا دێنن و خەسڵەتی تریان پێ دەبەخشن و لەجیهانی فەنتازیایان نزیک دەکەنەوە،(بەرزنجی ، ٢٠٢٤ : ل٣٨١ )، لەکۆی گشتی ئەوانەشدا سێ ڕەگەزی گرنگ بەدی دەکرێن کە دەبنە پایەسەرەکییەکانی دروستبوونی فانتازیا ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: کەسایەتی فانتازی کە خۆیان لە مرۆڤ، یان بوونەوەری سەرسوڕهێندا دەبیننەوە.

دووەم: ڕووداوی فانتازی.

سێیەم: فەزا و کەشی فانتازی.

## پاری دووەم: ئەدەب و فانتازیا

### تەوەری یەکەم: ڕەنگدانەوەی فانتازیا لە ئەدەبدا

هەرچەندە پێشتر بەناڕاستەوخۆ ئاماژەمان داوە بە پەیوەندی و بەیەکداچوونی ئەدەب و فانتازیا، بەڵام لێرەدا هەندێک وردتر لەسەری ڕادەوەستین و مەوداکانی تێکەڵاوبوون و کارلێکی ئەم دووانە ڕوونتر دەکەینەوە، سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە هەمووەدەقێکی ئەدەبی بەتایبەتی چیرۆک و ڕۆمان بەهەموو فۆرمەکانیانەوە، بە جۆرێک لەجۆرەکان بەشێوەیەکی ڕێژەیی نووسەرەکەی بیەوێت یان  نا،

بڕێک لە فانتازیایان تێدایە و سەدلەسەد خاڵی نین لەم ڕەگەزە گرنگە، چونکە ئەرکی ئەدەب دروستکردنی جیهانێکی نوێیە کە جیاوازە لە جیهانی ئاسایی و باو، ئەگەرچی ڕووداوەکانیشی لە ڕاستی ژیانەوە وەرگیرابێتن، چونکە دواجار ئەوانە دەقی ئەدەبین و لەسەربنەمای میتافۆر و خەیاڵ و ڕەمز بونیاتنراون، نەک گێڕانەوەی سادە و ساکاری ڕاپۆرتئاسا و مێژوویی.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا کە لە داستانە کۆنەکاندا بابەتی ئەفسانە و فانتازیا بەیەکداچوون، دواجار جۆرێکی ئەدەبییان دروستکردووە، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا فانتازیا تاڕادەیەک بوو بە خاوەن پێگە وشوێنی گرنگ لە ئەدەبدا، (شارل نودیە) لەساڵی ١٨٣٠ دا وتارێکی نووسیوە بەناوی (فانتازیا لەئەدەبدا)، لەو وتارەدا (نودیە) فانتازیای وەک جۆرێکی ئەدەبی ناساندووە،( طامین ، هوبر، ٢٠١٦ : ص١٧٢)، لەسەدەی نۆزدەشدا فانتازیا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر و چەسپاوی لەبواری ئەدەبدا بینی ، تەنانەت (هۆگۆ) ڕەتی کردوەتەوە کە ڕەخنە مافی لێپرسینەوە و ڕەخنەگرتنی نووسەری هەبێت بەرامبەر بە چۆنییەتی تەوزیفکردنی فانتازیا لە دەقەکەیدا، ( ارون ، جاک ، ڤیا ،٢٠١٢ : ص٧٩١).
ئەدەب و فانتازیا هەردووکیان بەرهەمی خەیاڵن و بەهۆی بەرەمزکردنی بوونە هەستپێکراو و خەیاڵییەکانەوە دروست دەبن، لە زۆربواردا بەرووی یەکتریدا دەکرێنەوە و تێکەڵاو دەبن، ئەرکە ئەدەبییەکەی فانتازیا جیایە لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی، لە دەقی ئەدەبیدا نووسەر فانتازیا وەک تەکنیک بەکاردەهێنێت، بەتایبەتی لەچیرۆک و ڕۆماندا، گرێی پێ دروست دەکات و گەشە بەوگرێیە دەدات هەتا دەگاتە ترۆپک، پاشان بەپێی سروشت و جیاوازی دەقەکان، ئەنجام و کۆتاییەکەی دێنێتەبەرهەم، لە هەندێک دەقدا فانتازیاکە بەهەمان هێزی پێشووەوە دەمێنێتەوە و هەتا کۆتایی لەگەڵ ڕەوتی چیرۆکەکەدا دەڕوات، لە هەندێک دەقی دیکەدا لە کۆتاییەکاندا ڕەوتی فانتازیاکەش خاودەبێتەوە و کەم دەکات، یان گرێکە دەکرێتەوە و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کاریگەریەکەی دەگۆڕێت.

ئەرکی خەیاڵ لە ئەدەبدا دروستکردنی جیهانی گریمانەیی ئەڵتەرناتیڤە کە دەکرێت لە ئەدەبدا ئەم جیهانە بە بەرهەمی خەیاڵ و ئەندێشە دابنرێت، ئەو جیهانەش کە خەیاڵ لە ئەدەبدا دروستی دەکات و هەندێکجار تێکەڵ دەبێت لەگەڵ میسۆلۆژیا و فانتازیا و سەرسوڕهێن و خارقدا، دەبێتە جیهانێکی تر و جێگرەوە بۆ جیهانی بینراوی ئاسایی، تیایشیدا میتافۆر و ئامرازەکانی هێما و ڕەمز و ئاماژە و بابەتە میسۆلۆژییەکان لە بونیاتی دەقەکاندا بەکاردەهێنرێن و لەزیهنی خوێنەردا جێگیردەبن، جیهانەکەش جیهانی نائاسایی و ناباوە و پێچەوانە و دژە بەوجیهانەی کە ئێمە پێی ئاشناین، هەندێکجار لەدەرەوەی کات و شوێنی ئاساییە، تەنانەت هەندیکجار مرۆڤەکانیش تیایدا مرۆڤی نائاسایی و سەروو واقیعین، (ووە ، ٢٠١٨ : ص١٣٧) ، بۆیە هەرلەکۆنەوە ئەفسانە و بابەتە ئەفسانەییەکان بەشێکی گرنگ بوون لە ڕەگەزەکانی فانتازیا، داستانەکانی (گلگامێش) و (ڕامایانا) و (مهابهاراتا) و (ئۆدیسا) و(هەزارویەک شەوە) و زۆری دیکە، پڕن لە بابەتی خەیاڵیی فانتازی و خارق و سەرنجڕاکێش، بەشێکی زۆری ئەفسانە و میسۆلۆژیا کراوەن بەڕووی ئەو دەقانەی کە نزیکن لە جیهانی خورافە و ناماقوڵ و نالۆژیکەوە، هاوکات زۆربەیان هەڵگری ناسنامەیەکی میسۆلۆژین، خەیاڵی خودئاگا و خەیاڵی ناخودئاگا پێکەوە ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردن و بەرەوپێشبردنی فانتازیادا، زمان بە هەردوولایەنەکەیەوە، چ لەسەر ئاستی گێڕانەوەی زارەکی و میللی، یان لەسەر ئاستی نووسین، بەهێڵی بەیەکگەیاندنی مرۆڤ و بوونەوەرە فانتازییەکانی ناو دەقی ئەدەبیی دادەنرێت، چونکە نووسەر لەناوزماندا جیهانێکی نوێ دروست دەکات کە جگە لە پاڵەوانی ناو چیرۆکەکە، هاوکات فەزای ناودەقەکە و دەرەوەی دەقەکە دوو (من) ی دیکەشی تێدایە، کە ئەوانیش هەریەک لە (من) ی خوێنەری ئاسایی و (من) ی نووسەر یان گێڕەرەوەی ناو دەقەکەیە، ئەم دوو (من)ە یەکانگیر دەبن و کارلێک دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە شێوازە سیحری و فانتازییەکەی ناو دەقەکە چ کاریگەرییەک لەسەر پاڵەوان

دروستدەکەن، پێویستە هەمان کاریگەرییش لەسەر خوێنەر بەجێ بهێڵێن، چونکە لەم دەقانەدا پێویستە(خوێنەر) و (پاڵەوانی ناو دەق) جووت ببن و پێکەوە تەفاعول بکەن.

لەدەقی فانتازیدا نووسەر بەخەیاڵ و ئەندێشە واقیعێکی نوێ دروست دەکات، بەڵام واقیعێک کە جیاوازە لەوەی هەمووان پێی ئاشناین، نووسەر وێنەی کۆمەڵێک کەرەستە و بابەتی بەرجەستەی بینراو، بیستراو، هەستپێکراو، یان کەرەستەی زیهنی لەڕێگای دووبارە ئامادەکردنەوە و خەیاڵ پێدانەوە لە زیهنی خۆیدا ئامادە دەکات و وێنەی نوێیان پێدەدات و لەباری واقیعیەوە دەیانگۆڕێت بۆ سەروو واقیع و فۆرمی ناباو، پاشان سیفات و توانا و لێهاتوویی ناڕاست و ئەرکی خەیاڵیی سەیروسەمەرە و سەرسوڕهێنیان دەداتەپاڵ، هەموو ئەوانەش بەهێزی خەیاڵ پێکدەهێنرێن، ئەمەش بردنی جیهانە لە عەقڵەوە بۆ ناعەقڵ، بەمەش نووسەر درێژە بە گێرانەوە و گرێچنی دەقەکە دەدات و خوێنەر پەلکێش دەکاتە ناو قووڵایی ڕووداوەکانەوە، ئەمەش ئەوحاڵەتەیە کە (تۆدۆرۆف) لە ئەدەبی فانتازیدا ئاماژەی پێداوە و پێی وایە فانتازیا حاڵەتی سەرسوڕمان و ترس و گومان و دوودڵی لای خوێنەر دروست دەکات، یان بەلایەنی کەمەوە حەز و خولیای فیتریی خوێنەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامی کۆی گشتی ڕووداوەکان و فزولییەتی خوێندنەوە هانی دەدات بۆ بەردەوامی لەسەر خوێندنەوە و تەواوکردنی دەقەکە هەتا کۆتایی.

لە هەندێک باریشدا تەکنیکی فانتازیا وەک ڕەمز و هێمایەک بەکارهێنراوە، بەتایبەتی لەوکاتانەدا کە نووسەر بەهۆکاری جیاوازی وەک: هۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتوری ....تاد، نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ گوزارشت لە هەندێک بابەت بکات، بۆیە تەکنیکی فانتازیی وەک ڕێگایەکی ڕەمزی بەکارهێناوە و خۆی لە ڕەخنەو تانەوتەشەر و تەنانەت مەترسیش پێ پاراستووە، هەروەها لەپاڵ تەکنیکی فانتازیادا هەرچی شتێک کە مەبەستی بووە بینووسێت، بەئازادی نووسیویەتی، لەدەقی فانتازیدا خوێنەر ڕووبەڕووی پارادۆکسی بوون دەبێتەوە، پارادۆکسی بونیاتنراو لەسەربنەمای (بوون- نەبوون) لەسەر هەمووئاستەکان، وەک هەبوون و نەبوونی مرۆڤ، ژینگە و چواردەور، گیاندار و بوونەوەرانی تر، کات و شوێن، ڕاست و ناڕاست....تاد ، چونکە هەمووئەوانە لەهەمان کاتدا بوونیان هەیە و نیشیانە، بوونیان هەیە چونکە دەقەکەیان لەسەربونیاتنراوە، بەڵام بوونیان نییە تەنها لە خەیاڵدا نەبێت، کە نووسەر دەیانخاتە سەرکاغەز و بوونیان دەکاتە بوونێکی گریمانەیی، ئەم بوون و نەبوونە لە دەقدا بوارێکی گرنگی داهێنانی ئەدەبییە، (ووە ، ٢٠١٨ :ص١١٤) ، لەهەمان کاتیشدا دەقەکە بەرەو جیهانی باڵاتر و سەروو واقیع دەبات کە جیهانی باڵای فانتازی و خەیاڵییە.

## تەوەری دووەم: ئیستاتیکای دەقی فانتازی

هەمیشە دەقی فانتازی بڕێکی زۆر لایەنی ئیستاتیکی لەخۆدەگرێت و بەپێی ئەوەش کە دەقی ئەدەبی ڕوو لەخوێنەرە، بۆیە باسکردنی ئیستاتیکا لە دەقی ئەدەبیی فانتازیشدا پەیوەندی پتەوی بە خوێنەرەوە هەیە و پێویستە باس لە جەدەلییەتی نێوان دەق و خوێنەر بکەین، ئەم جەدەلییەتەش لەسەرئاستی جوانیناسی لەسەربنەمای وەرگرتنی جوانی و چێژی دەقە لەلایەن خوێنەرەوە و گرێدراوە بە جوانیناسیی وەرگرتنەوە، هەرچەندە هیچ پێوەر و ستاندارێک ناتوانێت بە ڕەهایی بڕ و ئاستی چێژوەرگرتن لەلایەن خوێنەرەوە دەستنیشان بکات و سنووری بۆ دیاری بکات، چونکە ئەوە بابەتێکی ڕێژەییە و پەیوەستە بە سەلیقە و تایبەتمەندیی خودیی و کەسیی تاکەکانەوە، بەڵام بەگشتی ئیستاتیکا بەشێکی دانەبڕاوە لە دەقی ئەدەبی(( ئەدەب بەهەموو ژانرەکانییەوە داوا لە دەقنووس دەکات بەرهەمێکی ئیستاتیکی لەڕووی فۆرم و

ناوەرۆکەوە بەخوێنەر بگەیەنێت.)) (عبدالله، ٢٠٢٢ : ص٣٧٥) ، بۆیە لێرەدا بەکورتی دێینە سەر بنچینە و سەرەتاکانی چەمکی بابەتی جوانیناسی و ئیستاتیکا، هەڵبەتە ئەم چەمکەش بوارێکی قووڵی توێژینەوەیە و لەم لێکۆڵینەوە سنووردارەدا دەرفەت نییە بچینە وردەکارییەکانیەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە بواری (جوانی) لای مرۆڤ ڕەگوڕیشەیەکی زۆر دێرین و قووڵی هەیە، ئاسان نییە سەرەتایەکی ڕوونی بۆ دەستنیشان بکەین، جوانبینی و مەیلی جوانی و جوانی خواستن ، سەلیقە و حەزو خولیایەکی یەکجار دێرینی مرۆڤە و بەدرێژایی مێژوو بەشێک بووە لە فیترەت و سروشتی مرڤ و لە گەلێک بواری ژیاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەڵام ئەمانە جیاوازن لە هەمان چەمک وەک زاراوە و وروژاندنی وەک بابەتێکی فەرهەنگی و کلتوری ، زۆربەی فەرهەنگە زاراوەناسییە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفییەکان سەرەتای وشەی ئیستاتیکا دەگەڕێننەوە بۆ زاراوەی (aiesthesis) ی یۆنانی، کە بە واتای هەستپێکردن دێت، ئەمیش لقێکی فەلسەفەیە و گرنگی بە جوانی دەدات ولێی دەکۆڵێتەوە و بابەتی سەرەکی تیایدا بریتییە لە حوکمدان لەسەر ئەوەی کە چ شتێک جوانە و چی ناشیرینە ، یان جوانی و ناشیرینی لە چیدایە، ( ارون، جاک ، ڤیا ،٢٠١٢ : ص٧٦٢) ، ئەم زانستە دوولایەنی گرنگی هەیە، یەکەم لایەنی فەلسەفی، دووەم لایەنی دەروونناسی، لەلایەنی فەلسەفییەوە ئامانجی ئیستاتیکا ئەوەیە کە بە عەقڵ وتێڕامانەوە سروشتی جوانیی لەگەڵ ئەدەب و هونەردا ڕاڤەبکات و پەیوەندی نێوانیان ڕوون بکاتەوە، لەلایەنی دەروونناسیشەوە ئەم زانستە گرنگی بە چۆنییەتی و ڕەوشی داهێنان لای نووسەر وچۆنییەتی وەرگرتن و پێشوازی لێکردنی لەلایەن خوێنەرەوە دەدات، (سیماداد ، ١٣٨٠ : ص٢١٤).

فەیلەسوفانی سەردەمی کۆن بابەتی جوانییان وەک لقێکی سەربەخۆ لەچوارچێوەی فەلسەفەدا باسکردووە، تیۆرەکانی (ئەفلاتون و ئەرستۆ و کنتیلیان) بابەتی جوانی و هونەریان وەک میتۆدی بڕیاردان و جیاکردنەوەی جوان لە ناجوان، شیعر لە نا شیعر باسکردووە، لەفەلسەفەی نوێشدا هەریەک لە (بومگارتن و کانت و هیگڵ و شوبنهاوەر)، ڕۆڵی گرنگیان لە دارشتنەوەی فەلسەفییانەی ئیستاتیکادا هەبوو، لای (ئیمانوئیل کانت) جوانیی دەگەڕێتەوە بۆ تێڕامان و زەوق و سەلیقەی کەسیی و خودیی، نەک تایبەتمەندییەکی دیاریکراوبێت لە شتێکدا، واتە جوانی ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و ئەوەی کە من پێم جوانە و سەرنجم ڕادەکێشێت مەرج نییە لای تێکڕای خەڵکی هەمان هەست و کاردانەوە دروست بکات، (علوش،٢٠١٩ : ص ٢٨٦) ، بەم شێوەیە فەلسەفەی جوانیناسی وەک تایتڵێکی سەربەخۆ و زانستێکی تایبەتمەند لە بواری فەلسەفەی نوێدا لە سەدەی حەڤدە و هەژدەوە لە ئەورووپادا گەشەی کرد و هەنگاوی بەرەو گۆڕانکاری جۆراوجۆر ناوە و پەلی بە چەندین بواردا هاویشتووە.

لێرەوە دێینەوە بۆ پەیوەندی و بەیەکداچوونی زانستییانەی نێوان دەقی فانتازی و بواری ئیستاتیکی، هەڵبەتە ئەم جۆرە دەقانە(دەقی فانتازی) بە سروشتی خۆیان هەڵگری بڕێکی زۆرن لە لایەنی ئیستاتیکی و جوانکاری، بەوەش سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونیی خوێنەر دروست دەکەن و بە قووڵایی ناوەرۆکێکی نامۆ و سەرنجڕاکێشدا پەلکێشی دەکەن ، چونکە دەقی فانتازی جیهانێکی نوێ و گریمانەکراو دروست دەکات کە لەڕاستی و لەسەر زەمینەی واقیعدا هیچ بوونێکی نییە و ڕوودانی ئەستەمە، بەڵام بەجۆرێک بونیات دەنرێت کە هێما و ئاماژە و کەشی سیحراوی و چێژبەخشین ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن تیایدا، ئەمەش تەنها بۆ خودی نووسەر نییە، بەڵکو لە ئەدەبدا ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ زیهنی خوێنەر و هەرزوو جێگای خۆی دەگرێت و دەیوروژێنیت و کاریگەری لەلا دروست دەکات، ( ارون، جاک ، ڤیا ، ٢٠١٢ : ص ٦٨٦ ).

لەلایەکی تریشەوە مۆتیڤی سەرەکی بەشێک لەم دەقە فانتازییانە لەناوەرۆکیاندا بیرۆکەی زۆرکۆن تەوزیف دەکەن کە دەبنە بەدیهێنەری ئیستاتیکا، بەڵام ئەم تەوزیفکردنە بە تێکەڵاوکردنی لەگەڵ زمان و تەکنیک و خستنەڕووی نوێدا بەرجەستە دەکرێت، ناوەرۆکی بابەتەکانی دەقی فانتازی مێژوویەکی یەکجار کۆنیان هەیە، چونکە نزیک دەبنەوە لە ئەفسانە و میسۆلۆژیای چاخە دێرینەکان، کەچی تا ئێستاش لەدووتوێی چیرۆک و ڕۆمانەکاندا ئامادەییان هەیە و پێشکەوتنی ژیان و تەکنەلۆجیا و زانست نەک هەر کاڵی نەکردونەتەوە، بەڵکو لەم سەردەمە نوێیەدا زۆربەباشی لەگەڵیدا تێکەڵاوبوون و کارلێکیان لەگەڵیدا کردووە.

ڕەهەندێکی تری ئیستاتیکی لە دەقە فانتازییەکاندا ئەوەیە کە ئەم دەقانە سنوورەکانی ڕاستی دەبەزێنێن و جیهانی نوێی هاوشێوەی: خەون، خارق، سیحراوی، نامۆو ناباو و خەیاڵی دروست دەکەن ، بۆیە لەڕووی دەروونییەوە خوێنەر ئامادەی وەرگرتن و پێشوازیکردن دەبێت لێیان و لەگەڵ تێکەڵبوونی لەگەڵ ڕووداوە فانتازییەکانی ناو دەقی ئەدەبیدا هاوشانی ڕەوتی بەسەرهاتەکان دەڕوات و تاڕادەیەک دەستبەرداری بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و عەقڵانی دەبێت و زیاتر ئامێز بۆ چێژوەرگرتن دەکاتەوە و خۆی ڕادەستی ئەتمۆسفێرە ئەفسوناوییە فانتازییەکە دەکات، بەدرێژایی زەمەنی خوێندنەوەی دەقەکە لەجیهانی ڕاستی و حەقیقەت دووردەکەوێتەوە، دەگەڕێتەدواوە بۆ قۆناغ و سەردەمانی تێڕامان و جیهانبینی و بیرکردنەوەی سەرەتایی و فەزای نزیک لەمنداڵی، ئەمانەش هێز و دەسەڵاتی دەقی فانتازی دەردەخەن کە چ توانایەکی بەهێزیان هەیە بۆکارکردن لەسەر هزر و خەیاڵی خوێنەر و ئاراستەکردنیان، بەڵام لەگەڵ کۆتایی هاتنی چیرۆکەکەدا خوێنەر هێواش هێواش و بەقۆناغ کاریگەریی و لێکەوتە دەروونییەکانی دەقەکەی لەسەر کەم دەبێتەوە، پاشان تێڕادەمێنێت و ڕاڤەیەکی لۆژیکی و عەقڵانی بۆدەکات و دەگاتە ئەوڕاستییەی کە ئەمانە بەرهەمی خەیاڵ و خەون و باری ناواقیعین، خوێنەر هەست بەواقیعێکی هاوتەریب لەگەڵ واقیعەکەی خۆیدا دەکات، بەڵام واقیعێکی جیاواز و فانتازی، بۆیە وەک خەیاڵپەروازێک وەری دەگرێت، چونکە دوای خوێندنەوەی هەر بەرهەمێکی لەم جۆرانە لەژێرکاریگەریی کەشوهەوا فانتازییەکەدا، زیهن ومێشک و دەروونی جۆرێک لە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت ، بەجۆرێک کە تا ماوەیەک واهەست دەکات لەهەندێک ڕووەوە ژیان لەسەر هەموو ئاستەکان پڕبووە لە نامۆ، ئەمەش چێژ و خۆشییەک دەدەن بە خوێنەر ئەگەرچی چێژێکی کاتییش بێت، بۆ قۆناغەکانی دواتریش زیاتر خوێنەر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و لەناخەوە پاڵنەرێکی خودیی بۆ دروست دەکەن بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دەقی لەوجۆرانە، بەم شێوەیە دەقی فانتازی دەبێتە هەڵگری بڕێکی زۆر لە ئیستاتیکاو لایەنی جوانی.

بەشی دووەم:

پاری یەکەم: فانتازیا لای ئەحمەدمحەمەدئیسماعیل

پێش ئەوەی باسی پراکتیکی فانتازیا لای ئەحمەدمحەمەدئیسماعیل بکەین، بەپێویستی دەزانین کە زۆربەخێرایی ئاوڕێک لە پێشینە و ڕەگوڕیشەی فانتازیا لە ئەدەبی کوردیدا بدەینەوە ، بۆ ئەومەبەستەش وەک هەمیشە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەر گەنجینە دەوڵەمەندەکەی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆری کوردی کە سامانێکی خۆماڵیی چڕوپڕ و دەوڵەمەند و سیخناخە بە بابەتی هەمەچەشنی کلتوری و ئەدەبی و لەوێوە بنچینە و بنەماکانی فانتازیا بدۆزینەوە، چونکە گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی ڕەسەنی دێرین و خاوەنی

ڕابردوویەکی دوورودرێژی پڕ لە هەورازونشێو، خاوەنی ئەدەبیاتێکی یەکجار دەوڵەمەندی زارەکییە لەبوارەکانی حیکایەت و بەسەرهات وڕووداو و ئەفسانە و داستان و سەرگوزشتە و نەقڵ و گێڕانەوەدا، ئەمە سەرەڕای ژانری شیعر و ژانرەکانی دیکەی ناو ئەدەبیاتی فۆلکلۆر، کە ئەم بەرهەم و ژانرانە دابەش بوون بەسەر چەندین دیالێکت و شێوەزار و بنەزار و ناوچە و دەڤەری جیاجیا و جوگرافیای فراواندا و هەر لەسەرەتاوە لەسەرجەمیاندا بە بڕوئەندازەی جیاواز بە بەردەوامی بابەتی فانتازی ئامادەیی هەبووە.

بە گەڕانەوەیەک بۆ کەلەپوری کۆنی کوردی، دەبینین بابەتە خەیاڵی و فانتازییەکان پانتاییەکی زۆریان لە ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆر و میللیدا داگیرکردووە، چیرۆک، حیکایەت یان هەقایەت، سەرگوزشتە، داستان، ڕیوایەت، نەقڵ، بەیت، بەند و بالۆرە و گێڕانەوەکانمان کە دەماودەم و پشتاوپشت نەوە لەدوای نەوە بۆمان ماونەتەوە، پڕن لە چەندین وێنە و دیمەن و باس و بابەتی فانتازی و سەرنجڕاکێش و ڕووداو و کەسایەتی و بوونەوەری دوور لە واقیع، تەوزیفکردنی بابەتەکانی دێوودرنج وخێو و هاڵ و شەوە و ئەژدیها و شەولەبان و جنۆکە و شەیتان، گەلێک بەقووڵی ڕەگوڕیشەیان لە ئەدەبییاتی زارەکی و فۆلکلۆرماندا داکوتاوە، تەنانەت بەشێک لەوانە بەتەنها لە چوارچێوەی دەق و گێڕانەوەکاندا قەتیس نەبوون، بەڵکو بەدرێژایی مێژووی ئێمە خزاونەتە ناو ژیانی کارەکی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژانەشمانەوە و بوون بە شوناس بۆ کلتوری ئێمە، بۆنموونە هەتا ئەم ساڵانەی دواییش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بابەتی ئێشکگرتنی منداڵی تازە لەدایکبوو بەدرێژایی شەوان تا حەفتەیەک لەدوای لەدایکبوونییەوە لەلایەن کۆمەڵێک لە پیاوان و گەنجانەوە باو بووە و بەشێک بووە لە دابونەریت و کلتوری کورد، کە مەبەست لەم ئێشکگرتنە بۆ ئەوەبووە کە منداڵە ساواکە پارێزراو بێت لە دەست لێوەشاندن و زیان پێگەیاندنی لەلایەن هێزە نادیار و نەبینراوەکەی (شەوە)وە ، کە بەپێی بۆچوون و تێڕوانینی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردیی جاران (شەوە) ئەو بوونەوەرە نەبینراو و نادیار و ترسناکە بووە کە تایبەت بووە بە خنکاندن، یان زیان گەیاندن بە منداڵی ساوای تازە لەدایکبوو ، هەروەها بوونەوەری خەیاڵیی ئایشێ گوێدرێژ بۆ ترساندن و خەواندنی زۆرەملێی منداڵ بەکارهێنراوە، وەک زۆرجار دایک بە منداڵی بچووکی خۆی گوتووە: ((بنوو دەنا ئایشێ گوێدرێژت بۆ بانگ دەکەم))، (حەسەن ، ٢٠٢١ : ل٢٥٠)، بەمشێوەیە دەبینین لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا زیاتر فانتازیا لەشێوەی ئەفسانە و بابەتی خورافی و ناڕاست و پێچەوانەی واقیعدا بەرجەستە بووە.

هەر سەبارەت بە بابەتە فانتازییەکان لەناو ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆری کوردیدا هەمیشە بابەتی ململانێی هێزی خێروشەڕ و دواجار لە بەشێک لە گێڕانەوکاندا کلیلی سەرکەوتنی هێزی خێر بەهۆی یەکێک لە چارەسەرە خەیاڵی و میکانیزمە فانتازییەکانەوە دەبینرێن، یاخود بەکارهێنانی ناوی ناخۆش یان وشەی نامۆ و ترسناک بۆ هێزی شەڕ یان کەس و لایەنی شەڕەنگێز، لەمبارەیەوە ئۆسکارمان دەڵێت: لەچیرۆکی کۆنی کوردیدا ناوی ناخۆشیان بۆ قارەمان یان کەسایەتی خراپ دۆزیوەتەوە. (ئۆسکارمان، ٢٠١١ : ل٨٤) ، جگە لەوانەش ئەدەبیاتی زارەکیمان پڕە لە مۆتیڤ و بابەتە نامۆ و سەیر و سەرنجڕاکێشەکانی وەک: ئاوی حەوت ڕەنگ ، پیرەژنی سەرئاسنین ، خدری زیندە ، ئاوی حەیات ، ماری حەوت سەر ، ئەفسانەی ڕێی هاتونەهات ، هەرەسی بەفر ، بەرزبوونەوەی ڕووناکی و نوور لە تاریکی شەوانی ئەنگوستەچاودا بەتایبەتی بەرزبوونەوەی نوور لەهەندێک زۆنی گۆڕستان یان مەزاری پیاوچاکانەوە، دەعبای جۆراوجۆر ، باڵندەی ڕەمزی ، ئەسپ و گیانلەبەری باڵدار و تیژڕەو کە هێندە خێرا دەڕۆن لەڕۆیشتندا قاچیان لە زەوی دەبڕێت و بە بۆشاییدا گوزەردەکەن، ئەنگوستیلەی سیحری و کڵاوی سیحری ، ڕۆیشتن و پەڕینەوە بەسەر ئاوی چەم و ڕوبار ودەریا و زەریاکاندا، کەموکورتی و ناتەواویی لە ڕوخسارو جەستەی مرۆڤدا لەبابەتەکانی شەلی و کەچەڵی ، وەک نموونەی کەچەڵی کۆترباز، قوولەی

قاف و چەندانی تر ، هەروەها بابەتی جنۆکە بەچەندین شێوەی ئەفسانەیی خزاوەتە ناو فۆلکلۆر و ئەدەبی گێرانەوەییمانەوە، لەوانە شایی ولۆغانی جنۆکەکان بەتایبەتی لە شەواندا، هاوسەرگیریی نێوان مرۆڤ و جنۆکە، هەروەها هەمیشە جنۆکە یاسا باوەکانی کات و شوێنی تێکشکاندووە، بەیەک چرکە لەمسەری دنیاوە ڕۆیشتوون بۆ ئەوسەری دنیا، دەرگا و پەنجەرە و دەروازە و شورا و سنووریان نەخوێندووەتەوە، سەرجەم ئەوانەش جگە لەلایەنە خورافی و ئەفسانەییەکەیان، هاوکات کەشێکی چێژبەخشی فانتازی و تاڕادەیەک ترسناکیان بەخشیوە بەدەقەکان، کە ئەگەر هەموو ئەوانە بەو پێوەر و پێناسە زانستی و ئەکادیمییانەی کە بۆچەمکی فانتازیا کراون، بپێوین و بەراوردیان بکەین کە پێیان وایە: ((فانتازیا کۆمەڵێک خەیاڵاتن کە بوونی ڕاستەقینەیان نییە و بەدی هاتنیان ئەستەمە، یاخود فانتازیا کارێکی ئەدەبییە کە بەتاڵە لە لۆژیک و واقیعی ڕاستەقینە و بەشێوەی گێڕانەوە ئاراستەی خەیاڵی خوێنەر دەکرێت و کار لەسەر نەست و نائاگایی و لایەنە نادیار و چەپێنراوە دەروونییەکانی خوێنەر دەکات))، (علوش ، ٢٠١٩ : ص ٣٠٢ )، ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوبابەتانەی ناو ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆری کوردی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان بەتەواوەتی لەگەڵ چەمک و واتا و ناوەڕۆکی فانتازیادا یەک دەگرنەوە ، هەر لەم بارەیەوە لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی فانتازی پێیان وایە کە لای هەموو نەتەوەکانی جیهان لەسەرەتادا فانتازیا بەشێکی گرنگ بووە لە ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆر، بەتایبەتی لەوبەرهەمانەدا بەرجەستە بووە کە پڕبوون لە وێنەی ئەفسانەیی و تەلیسم و سیحر و جادو و بابەتی پڕوپوچ و خورافی موزەیەفی وەک دێوودرنج و ئەژدیها و تارمایی و بوونەوەری سەیر و سەرنجڕاکێش و خەیاڵی، کە تێکڕا باری سەرسامکەر و سەرسوڕهێنیان خولقاندووە و بوونی ڕاستەقینە و واقیعییان نەبووە، (علوش، ٢٠١٩ : ص٣٠٢ ) ، بەم جۆرە بە درێژایی هەزاران ساڵ بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و ناخودئاگا پراکتیکییانە فانتازیا لەگەڵ (کۆنەست) ی کۆمەڵگەی کوردیدا ئاوێتە بووە و ڕۆچووەتە قووڵایی ئەدەبیاتی زارەکیمانەوە، بگرە زۆرجار ڕەنگە بووبێت بە بەشێکیش لە تێڕوانین و بیروباوەڕی کۆنکرێتیی چەند چین و توێژێکی کۆمەڵگەی کوردی، بێگومان (ئەحمەدمحەمەدئیسماعیل) ی چیرۆکنووسیش وەک مرۆڤ، زادەی هەمان ئەو کلتور و کەلەپورە کوردیەیە وئەویش هەرلەمنداڵییەوە هاوشێوەی منداڵانی دیکەی کۆمەڵگەکەی خۆی بەر هەمان جیهانبینی کەوتووە و گوێی ئاخنراوە لەم بابەتە سەرنجڕاکێش وخەیاڵییانە، بەڵام لای ئەو لێکەوتە و کاردانەوەی دیکەی هەبووە و بووەتە هەوێنی داهێنان و بونیاتی بەشێک لە چیرۆک و بەرهەمەکانی و وەک کەرەستە کاری لەسەرکردووە، چونکە جیاوازی ئەو لەگەڵ خەڵکانی ئاساییدا ئەو ئایدیا و ڕۆشنبیرییە قووڵە بووە کە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن و وەرگرتنی ئەزموونی ڕۆشنبیریی خۆماڵی و ڕۆشنبیری بێگانەدا بەدەستی هێناوە، بۆیە توانیویەتی ئەم هەلە بقۆزێتەوە و بەشێوەیەکی هونەری وەک کەرەستەی ئەدەبی بیانخاتەگەڕ. ئێمە لێرەبەدواوە هەوڵ دەدەین پراکتیکی کۆی دید و بۆچوونە تیۆرییەکانمان لەسەر هەردوو چیرۆکی(فڕینەکان) و (خەونە بێسەرووبەرەکان) بکەین و ئاست و دەرکەوتە فانتازییەکانیان تێدا شرۆڤە بکەین.

## پاری دووەم: پراکتیکی فانتازیا لە دوو دەقی چیرۆکدا

### یەکەم: فانتازیا لە چیرۆکی (فڕینەکان) دا

چیرۆکی(فڕینەکان) چیرۆکێکی فانتازییە، گەلێک بنەما و ستراتیجی دەقێکی فانتازی تیایدا کۆبوەتەوە، سەرەتا ئەگەر لە ناونیشانەکەیەوە لێی بڕوانین کە وشەی(فڕینەکان)ە، دەبینین کارێکە و بەهۆی ئامرازی کۆی (ان) ەوە سیفاتی کۆی پێدراوە و ئاماژەیە بۆ چەندبارەبوونەوەی کاری فڕین، ناونیشانەکە ڕاستەوخۆ

ناونیشانێکی ئاسایی دەبوو ئەگەر فڕین بۆ باڵندە بەکاربهێنرایە، بەڵام هەر بەخوێندنەوەی سەرەتای دەقەکە ڕاستەوخۆ بۆمان دەردەکەوێت کە فڕینەکان کردەوەیەکن و دراونەتە پاڵ مرۆڤ، بەمەش دەستپێکی بە فاناتازیاکردنی دەقەکە دەست پێدەکات و پاشان دۆخی فانتازی بەهۆی: ڕووداوی فانتازی، شوێنی فانتازی، کەشوهەوای فانتازی تێدا دروست دەبێت.

بونیاتی حیکایی ئەم چیرۆکە لەسەربنەمای گێڕانەوەی ڕەها بونیاتنراوە، گێڕانەوەکەش سودی لە تەکنیکی خەیاڵ و فلاشباک و هێنانەوەیادی دیمەن و ڕووداوەکانی ڕابردوو وەرگرتووە، بەگشتی کاتی ناو دەقەکە کاتی ڕابردووە، نووسەر لە ئێستادا ڕووداوەکانی دەگێڕێتەوە، تەکنیکی سەرەکی بۆ چنینی دەقەکە و دروستکردنی کەشە فانتازییەکە بریتیە لە خەیاڵ، ((من ناوم نازم ڕەش قوماشە، لەوەتی خۆم ناسیوەتەوە ڕۆژی چەندجارێ هەرئەوەندەی ئارەزووم لێ بێ، ئیتر لە هەرکوێیەک بم، کێم لەگەڵدا بێت، خەریکی چی بم، بێ ئەوەی گوێ بدەمە وەخت و ناوەخت، یەکسەر پاش لەخەوهەستان بێ، یان لە حەمامدابم، یا لەسەر پێشاو، هەرئەوەندە دەستم لەژێر چەنە دانا و کەمێ پێڵوم لەیەک نزیک کردەوە ، ئیتر بەرەبەرە لەدەوروبەر دادەبڕێم، چیم بوێ دەبم بەوە، کوێم نیازبێ، تەلبەند، شاخی هەزاربەهەزار و بیابان نابنە کۆسپی ڕێگام، خۆمیان پێدا دەکەم، کەس دەست ناهێنێتە ڕێگام.....)) (ئیسماعیل ، ٢٠٢٠ : ل ٢٦) ، ئیتر لێرەوە بەم خەیاڵە نووسەر دەچێتە ناو وردەکاری و قووڵایی دەقەکەوە ، لێرەدا نووسەر جۆرێک لە تێکەڵاوی دروستکردووە لەنێوان خەون و خەیاڵدا، چونکە سەرەتا بەهۆی تەکنیکی خەیاڵەوە چووەتە ناو دەقەکەوە، بەڵام کاتێک دەڵێت: هەر ئەوەندە دەستم لەژێر چەنە دانا و کەمێ پێڵوم لە یەک نزیک کردەوە ، دەقەکە لە خەون نزیک دەکاتەوە و خوێنەر وا هەست دەکات ڕووداوەکە لە خەوندا ڕووی داوە، بۆیە ڕەنگە لێرەدا خوێنەر تاڕادەیەک سەرلێ شێوانی بۆ دروست ببێت.

لایەنێکی تری گرنگ کە لە چەند شوێنێکی دەقەکەدا بەدی دەکرێت و بنەمایەکی سەرەکی فانتازیایە بریتییە لە ڕاڕایی و دوودڵی و گومان، کە چیرۆکنووس لە چەند شوێنێکی دەقەکە و بە چەند دەربڕینێک گوزارشتی لێ کردووە وەک لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێک لەوانە دەدەین، هەڵبەتە سەرچاوەی دروستبوونی ئەم گومان و ڕاڕاییەش بوونی ئەو کەشە ناواقیعی و خارق و بنەماشکێنەیە کە دەقەکەی لەسەربونیاتنراوە، ئەویش پرۆسەی(فڕین)ی مرۆڤە و سەرەتا و دەروازەیەکە بۆ سەرهەڵدانی دۆخی ڕاڕایی و ناجێگیریی، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەم فڕینەوە مرۆڤی لەباری ئاساییەوە بە ئاراستەی دۆخێکی نوێ بردووە ، چونکە دۆخێکی نائاساییە کە مرۆڤ بفڕێت، ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی (تۆدۆرۆف) لەبارەی دروستبوونی فانتازیاوە یەک دەگرێتەوە کە پێی وایە فانتازیا و باری نالۆژیکی، لەنێوان بینینی واقیعیانە و بینینی سەروو واقیع بۆ ڕووداوەکاندا دوودڵی و گومان دروست دەکەن بەجۆرێک کە لە ئەدەبدا نەبێت بڕواپێهێنانیان ئەستەم دەبێت، (ارون ، جاك ، ڤیا ، ٢٠١٢ : ص ٤٦٨).

فۆرمێکی تری ڕاڕایی و دوودڵی لەم دەقەدا بریتییە لەوەی کە پاڵەوانی چیرۆکەکە تاسەر لەیەک قاڵبی جێگیردا نامێنێتەوە و بەردەوام دۆخی لە گۆڕاندایە، لەم دەقەدا چەندین ئاماژە هەیە بۆ هەبوونی دوودڵی و گومان لای پاڵەوان کە ڕاڕایی و ناجێگیریی باری دەروونیش بەرجەستە دەکەن، بۆنموونە دەڵێت: ((کە دەنیشمەوە خۆم بە پەشیمان دەزانم و پەشیمانیش نیم)) (ئیسماعیل ، ٢٠٢٠ : ل ٢٧) ، کە ئەم باری ڕاڕایی و ناجێگیرییە هاوکات ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری لە ڕەفتار و لایەنی دەروونیشیدا، ئەم گۆڕانکارییە دەروونییانەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە دەقەکەدا بوونەتە هۆی دروستبوونی کەشێکی فانتازی و سەرنجراکێش، بەگشتی گۆڕانەکانیش لەسەر دووئاستن:

١-لەسەرئاستی دەروونی و ڕەفتار و ئاکاری پاڵەوان کە هاوشان لەگەڵ ئەوەدا گۆڕانی کتوپڕ و خێرا و جۆراوجۆری بایلۆژیشی بەسەردا هاتووە، هەمیشە لەگۆڕاندایە و بە جێگیری لەسەر یەک بار نامێنێتەوە، لە دۆخی ئەرێنییەوە کە سودبەخشین و جوانی بەخشینە دەگۆڕێت بۆ دۆخی نەرێنی وزیان گەیاندن، ((بیرمە گەلێک جار دەبووم بە گوڵ، بە پەپولە ، بەسێبەری دارگوێزێک لەڕێگایەکی توونا و توونا، بە کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەوێک، بە بووکەشووشەی دەستی منداڵێک، بە قەڵەمی شاعیرێکی عاشق ، دەبووم بە بازووبەندێک، بە جامێ دۆی بەرمەشکەی کەبیانویەکی گەرمیانی بەدەست ڕێبوارێکی تینووەوە.)) (ئیسماعیل، ٢٠٢٠ : ل ٢٨) ، وەک دەبینین لێرەدا گۆڕانکارییەکان زۆرن، هەروەها تێکڕای بوون و گۆڕانەکان لێرەدا گۆڕانکاریی و بوونی ئەرێنین، هەم سودبەخشن هەم چێژبەخش، بەڵام لە کتوپڕێکدا باری ڕاڕایی و ناجێگیری وادەکات کە دۆخەکە پێچەوانە ببێتەوە و پاڵەوان ببێتە کەسێکی نەرێنی و نێگەتیڤی، ((بەڵام چاکیشم لەبیرە، تا سەر بەوانە نەدەبووم... کە دەبووم بە گوڵ کاتێک دەیانبردم بۆ نەخۆشێک بۆنم لە خۆ دەبڕی و خۆمم سیس هەڵدەگەڕاند... کە قەڵەم بوایەم لەسەریەک نووکی خۆمم دەشکاند، کە دەبووم بە جامە دۆی دەستی ڕێبوارێک بەرلەوەی بگەمە لێوی وشکی، خۆمم قڵپ دەکردەوە....)) (ئیسماعیل ، ٢٠٢٠ : ل ٢٨) ، کە ئەو دەربڕینانە تێکڕا گوزارشت لە دوودڵی و گومان و ناجێگیری دەکەن لای پاڵەوان، هەروەها بەو شێوەیە لەسەرهەمان وەسفی نەرێنی و بابەتی شەڕانگێزی و خراپەکاری بەردەوام دەبێت.

٢- لەسەرئاستی بایلۆژی و جەستەیی دیسان پاڵەوان تا کۆتایی چیرۆکەکە لە یەک قاڵبی جەستەییدا نامێنێتەوە و چەند گۆڕانکارییەکی جیاوازی بەسەردادێت، سەرەتا بەخەیاڵ لەمرۆڤەوە دەبێت بەباڵندە، پاش ئەوەی ڕۆڵی باڵندە کۆتایی پێ دێنێت، ئەمجارە دەبێت بەسەگ، واتە لەپاش مرۆڤبوون، لە فۆرمی دووجۆر گیانلەبەری جیاوازدا دەردەکەوێت، کە ئەمە جگە لەخولقاندنی دۆخی ڕاڕایی و ناجێگیری، هاوکات بنەمایەکی دیکەی دەقی فانتازی بەرجەستە دەکات کە ئەویش (دۆنادۆن) یان گۆڕانی جەستە و ڕۆحە لە نێوان مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تردا، کە یەکێک لە بنەما و بنچینەکانی ئەم بیرۆکە فانتازییە لە دید و بۆچوونە ئایینییە کۆنەکانی بەشێک لە گەل و نەتەوەکانی جیهانەوە وەرگیراوە و چیرۆکنووس لەسەرئاستی خەیاڵ و ئەدەب سودی لێ وەرگرتووە، ((ئەمرۆ نیازی سەگایەتیم هەیە ! دەبم بە سەگ...)) (ئیسماعیل ، ٢٠٢٠ : ل٣٠) ، ((لمۆزم لێ پەیدا بوو... کلکێک و دووگوێی شۆڕم لێ پەیدا بوون! ، توکێکی نەرمیش تەنی داپۆشیوم... یەک دووجار بەبێ هۆ وەڕیم .... بەدوای یەکێکدا، شتێکدا دەگەڕام پێی بوەڕم، کەسم نەبینی، هیچم نەدی بە خۆم وەڕیم....)) (ئیسماعیل ، ٢٠٢٠ : ل ٣١) ، لێرەدا چیرۆکنووس خۆی نیازی سەگایەتی هەیە بەو واتایەی کە ئارەزوو دەکات ببێت بە سەگ ، لێرەوە خاڵی بەیەک گەیشتنی دروست کردووە لەنێوان (خود) و (ئەوی تر)دا کە یەکەمیان مرۆڤە و دوومیان ئاژەڵە، بەمەش سەرچاوەیەکی دیکەی بۆ چێژبەخشین هێناوەتە ناودەقەکەیەوە، کە ئەمە یەکێکە لە سەرچاوەکانی چێژی دەق لای (ڕۆلان بارت) ، چونکە ((یەکێک سەرچاوەیەکی چێژبەخشین لای بارت بریتییە لە خاڵی بەیەک گەیشتنی نێوان (خود) و (ئەوی تر) ، کاتێک (خود) دەیەوێت وێنەی خۆی لە ئەوی تردا ببینێتەوە و وێنەی (ئەوی تر) یش لە خۆیدا ببینێتەوە ئەمە چێژ بە خوێنەر دەدات.)) ( هیاس، ٢٠٠٩ : ص ٢ ).

بەوجۆرە ڕووداوەکانی بە کەشوهەوای دەرەوەی دنیای ئاسایی و باو دروستکردوە، بە باڵندەبوون دەست پێدەکات و بە سەگبوون کۆتایی دێت، دروستکردنی ئەم دۆخە ناجێگیر و ڕاڕاییە کە یەکێکە لە بنەماکانی دروستبوونی دەقی فانتازی، نیشانە و دەرخەری بە ئاگایی و هوشیاری چیرۆکنووسە لە تەکنیکەکانی نووسینی ئەم جۆرە دەقانە، چونکە هەوڵی تەواو بە سەراپای دەقەکەوە دیارە بۆ بە فانتازیاکردنی، هەر

لەناونیشانەوە تا مۆتیف و کار و جوڵە و ڕووداوی سەرەکی و ئەداکردنی ناوەرۆک و دۆزینەوە و بەکارهێنانی میکانیزم و هەلومەرجی گونجاو بە چەمکەکەوە، هەموو ئەوانەش بە چیرۆکنووسی سادە و کەم مەعریفە ناکرێن و پێویستیان بە نووسەری هوشیار و بەئاگا و ڕۆشنبیری تەواوی وەک ئەحمەدمحەمەدئیسماعیل هەیە کە تەواو شارەزایە لە هونەری چیرۆکنووسیندا و باش دەزانێت چۆن دەقەکە دەچنێت و بەکام میکانیزم دەستپێدەکات و چۆن خوێنەر سەرسام دەکات و ناچاری دەکات تا کۆتایی دەقەکە لەگەڵیدا بڕوات، چونکە دەکرێت هەمان کەرەستەی فانتازی لەدەقدا بەکاربهێنرێت، بەڵام لەگێڕانەوەی سادە و ساکار تێپەڕنەکات و هیچ کاردانەوە و وروژاندنێکی دەروونی و هزری لای خوێنەر بەجێ نەهێڵێت و نەبێتە هۆی چێژبەخشین و سەرسامکردنی.

## دووەم: فانتازیا لە چیرۆکی (خەونە بێسەروبەرەکان)دا

خەونەبێسەروبەرەکان یەکێکی ترە لەو دەقانەی کە هێڵە گشتییەکانی لەسەر فانتازیا بونیاتنراوە، بونیاتی حیکایی و گێڕانەوە لەم دەقەدا لەسەر بنەمای (خەون)ە، هەرچەندە خەون و خەیاڵ لەڕووی چەمک و پێکهاتن و سروشتیانەوە دووجیهانی جیاوازن و خەیاڵ لەئاگایی مرۆڤدا بەرجەستەدەبێت، لەکاتێکدا خەون لەدۆخی نائاگایی و دابڕان لە واقیعدا بەرجەستەدەبێت، بەڵام لێرەدا چیرۆکنووس بەخەیاڵ لە جیهانی ئەدەبدا خەونی دروست کردووە، وەک لە ناونیشانەکەدا دیارە لەم چیرۆکەدا تەنیا خەونێک نییە، بەڵکو لێرەشدا دیسان نیشانەی(ان) ی کۆ لەگەڵ خەونەکاندا بەکارهێناوە، هاوکات بەهۆی هاوەڵناوی (بێسەروبەرە) ەوە وەسفی جۆری خەونەکانی کردووە و دیدێکی سەرەتایی و بیرۆکەیەکی هێمایی و ئاماژەیی داوە بە خوێنەر، لەناوەوە چیرۆکەکە سێ خەونی جیاوازی لەخۆگرتووە، بەڵام لە قاڵبی چیرۆکێکی یەکپارچەی یەکگرتوودا چنراون و خراونەتەڕوو،  هەرسێ خەونەکە پێکەوە لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەستەی چیرۆکەکە پێکدەهێنن، لەسەر ئاستی فانتازیاش چەند میکانیزمێکی دەقی فانتازیی تێدا بەکارهێنراوە، وەک:(خەون) ، (میتامۆرفیس) ، (ململانێی نێوان هێزی خێر وشەڕ)، هەروەها کەشوهەوا و ئەتمۆسفێری فانتازیی و دروستکردنی باری نامۆ و سەرنجڕاکێش و دوور لە واقیع بارێکی تایبەت لای خوێنەر دروست دەکەن و دەبنە مایەی چێژیش، ئەگەر ئەم چیرۆکە بە دیدی (ڤلادیمێر پرۆپ) بۆ چیرۆکی فانتازیی- ئەفسانەیی شرۆڤە بکەین، ئەوا دەتوانین لە پۆلینبەندکردنیدا بەتەواوەتی بیخەینە ڕیزی ئەوجۆرەدەقانەوە کە فانتازین و کەشی ئەفسوناوی و ڕاکێشەریان تێدایە، بەپێی ئەوەی کە (پرۆپ) لە (مۆرفۆلۆژیای چیرۆکە ئەفسوناوییەکان) دا توێژینەوەی لەسەر بنەمای یەکە و بەشە پێکهێنەرەکانی چیرۆکەکان کردووە و چۆنییەتی هەماهەنگی و گونجانی ئەم بەشانەی لەناو کۆی گشتی پێکهاتەی چیرۆکەکەدا لەگەڵ یەکتریدا ڕوون کردووەتەوە و پێی وایە لەم دەقانەدا ئەرکی سەرەکی و ئەرکی لاوەکی هەیە، ئەرکی سەرەکی ئەرکێکی جێگیر و نەگۆڕە و مۆتیڤی سەرەکی چیرۆکەکەی لەسەر بونیاتنراوە، بریتییە لە ژێرخانی دەقەکە کە تێمای سەرەکی ڕۆنان و دروستکەری چیرۆکەکەیە، بەڵام ئەرکی لاوەکی ئەرکێکی ناجێگیر و گۆڕاوە و لەپێناوی ئەرکە سەرەکییەکەدا دروست دەکرێت، هەمیشە ئەرکە سەرەکییەکە لەم دەقانەدا دروستکەری بنچینەیی فانتازیاکەیە، چونکە ئەم ئەرکە ئەرکێکی سەرەکیە و بە دایکی جوڵە و ڕووداو و بیرۆکە بنچینەیی و سەرنجڕاکێش و فانتازییەکە دادەنرێت، بەڵام ئەرکی لاوەکی

زیاتر بۆ درێژەدان بەڕەوتی ڕوودا و بەرەوپێشچوونەکانی چیرۆکەکەیە، (ئیبراهیمی، ٢٠٢١ : ل٣٢-٣٥)، ئەگەر بەهەمان دیدی پرۆپ لە چیرۆکی(خەونە بێسەروبەرەکان) بڕوانین و دەقەکە شی بکەینەوە ، ئەوا دەبینین هەمان میتۆد بەسەریدا جێبەجێ دەبێت، لەم دەقەدا ئەرکە سەرەکییەکە بریتیە لە پرۆسەی(خەون) کە لەباری نائاگایی پاڵەوان و چوونە ناو جیهانی بێسنووری خەونەوە درێژە بەخۆی دەدات، خودی (خەون)یش یەکێکە لەو پایە و بنچینە سەرەکییانەی کە فانتازیای لەسەر بوونیات دەنرێت، وەک لەبەشی تیۆریی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەمان پێداوە، بۆیە لێرەدا خەون وەک پایەیەکی جێگیر و نەگۆڕ لەهەرسێ یەکە تێهەڵکێشکراوەکەی چیرۆکەکەدا بە بەردەوامی ئامادەیی هەیە، ئەرکە لاوەکییەکەش کە بۆ فراونکردن و گوڕوتین دانەبەرچیرۆکەکە دانراوە، بریتییە لە سێ ڕووداوی جیاواز، یان سێ گۆڕانکاریی بنەڕەتیی جەستەیی و بایلۆجی، کە ئەوانیش بریتین لە:

١-بوونی پاڵەوان بە باڵندە.

٢-بوونی پاڵەوان بە ڕاوچی.

٣-بوونی پاڵەوان بە سەگ.

وەک دەبینین بۆ ڕووداوەکانی ئەم ئەرکە لاوەکییانەش هەرسێ ڕەگەزی (باڵندە ، مرۆڤ ، سەگ) ی لە شێوەی تەکنیکی (میتامۆرفیس)دا بەکارهێناوە ، ئەم ئەرکە لاوەکییانەش جگە لە بەردەوامی و درێژەدان بە چیرۆکەکە، هاوکات بوونەتە هۆی فرەڕەنگی و تاموچێژ بەخشین و جۆراوجۆریی لە کرداری نائاسایی و نالۆژیکیدا، کە دواجار چێژو خۆشی و هەستێکی تایبەت لای خوێنەر دروست دەکەن، هەروەها با فانتازیی کردنی ئەم دەقە بەهۆی تەکنیکی (میتامۆرفیس)ەوە، کە بریتییە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی ڕۆح و جەستە و هەرخۆی یەکێکی ترە لە جۆرەکانی فانتازیا، لێرەدا چەند جارێک دووبارە بووەتەوە، پاڵەوان جارێک دەبێت بە باڵندە، جاری دووەم بە ڕاوچی، جاری سێیەمیش بە سەگ، کە هەرسێ بوونە جەستەییە جیاوازەکە لە هەمان ڕۆحدایە، جگە لەوانەش پارادۆکس و ململانێی هێزی (خێروشەڕ) لەم دەقەدا دەبینرێت، ئەگەرچی زۆر ورد و ناڕاستەوخۆیە، بەڵام ڕەخنەگر دەتوانێت بەئاسانی پەی بەم لایەنە ببات، ڕاوچی کە تەقەکەر و شەڕانگێزە، هێزی شەڕ و خراپەیە، لە بەرامبەر ئەوەشدا هێزی خێر لە سەگەکەدا بەرجەستە بووە، چونکە تا کۆتایی لە هەرسێ خەونەکەدا ئەم سەگە ناهێڵێت باڵندە بریندارەکە بکەوێتە بەردەستی ڕاوچییەکەوە.

ئەگەر لە جۆری کەسایەتی سەرەکی ناو ئەم چیرۆکە وردببینەوە کە گێڕەرەوەیە و بە پۆلێنکردنی (تۆدۆرۆف) لێی بڕوانین و بەراوردی بکەین، دیسان دەتوانین بنەماکانی دەقێکی سەرکەوتوی فانتازیی تێدا ببینینەوە، (تۆدۆرۆف) دووجۆر کەسایەتی لە دەقی فانتازییدا دەستنیشان کردووە کە ئەوانیش بریتین لە:

١-ئەوکەسایەتییانەی کە هەر لەبنەڕەتدا خۆیان کەسایەتییەکی فانتازیین، (کە ئەم جۆرەیان لەم چیرۆکەدا بوونیان نییە).

٢- ئەو کەسایەتییانەی کە لەبنەڕەتدا کەسایەتی ئاسایین، بەڵام دواتر دەگۆڕێن بۆ کەسایەتی فانتازی، (تاتانی، ٢٠٢٣ : ل٣٣٨-٣٣٩).

کەسایەتی پاڵەوان لەم چیرۆکەدا لەجۆری دووەمە کە مرۆڤە، ئەویش کەسایەتییەکی ئاساییە، دوو گیانلەبەرەکەی تریش بریتین لە (باڵندە، سەگ) کە هەردووکیان لە جۆری ئاسایی و باون و لە بنەڕەتدا هیچ سیفاتێکی بنەماشکێن و خارقیان نییە، بەڵام لێرەدا توانای ئەحمەدمحەمەد ئیسماعیل بەسەر ڕۆنانی ڕووداوەکان و دروستکرنی کەسایەتی و چنینی دەقەکەدا هێندە زاڵە توانیویەتی لەم بوونەوەرە ئاساییانە کە بریتین لە مرۆڤێکی ئاسایی وەک هەر مرۆڤێکی دیکەی ناو کۆمەڵگە، لەگەڵ باڵندەیەک و سەگێکی ئاسایی، کەسایەتی لە جۆری دووەم دروست بکات کە دواتر دەگۆڕێت بۆ کەسایەتی فانتازی، هەڵبەتە ئەمەش بەهۆی میکانیزمی کردارەکەوەیە کە لەلایەکەوە(خەون) ە، لەلایەکی تریشەوە ئاڵوگۆڕی ڕۆح و جەستەیە لەنێوان (مرۆڤ، باڵندە، سەگ)دا.

لەم دووچیرۆکەدا چەندین لایەنی جوانی و سەرنجڕاکێشی فانتازی دەبینرێن، چیرۆکنووس بە وشە ڕووداوی سەیر و سەرنجڕاکێش و جیهانی نامۆ و واقیعێکی نوێ و ناباوی دروست کردووە کە چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت و کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی و هزری خوێنەر دەکات، تا ماوەیەک لە جیهانێکی گریمانەکراوی ناباودا سەرسامی دەکات و دەیوروژێنێت، بەمەش جوانی و ئیستاتیکای دەق لەسەرکاغەزەوە دەپەڕێتەوە بۆ خوێنەر و لە ڕووی دەروونییەوە کارلێکی لەگەڵدا دەکات و دەقەکەش وەک دەقێکی کاریگەر لە هزر و هۆشیدا دەمێنێتەوە.

بەم جۆرە دەبینین کە ئەم چیرۆکنووسەمان لەم دووچیرۆکەدا چەندین بنەما و میکانیزم و ستراتیجی ئەدەبی فانتازی بە سەرکەوتووی بەکارهێناوە و کەشی نامۆ و سەیری دروستکردووە و تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی زیهن و خەیاڵی خوێنەر بۆ جیهانی ئەندێشەیی و سەرنجڕاکیشی فانتازی پەلکێش بکات، هەروەها هەردوو دەقەکە هەڵگری هەمان بیرۆکەن و نووسەر تیایاندا پەنای بردووەتە بەر جیهانی خەون تا بە پاساوی خەون و لە ژێر ئەو پەردەیەدا کەشی فانتازی دروست بکات، ئەمەش دەلالەتی ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر تا ڕادەیەک خۆی لەوە بەدوور گرتووە کە ڕووداوی فانتازی لە واقیعدا دروست بکات.

ئەنجام:

١-فانتازیا یەکێکە لەوڕەگەزانەی کە لەمێژەوە بەشێوەی سادە و سەرەتایی و ناخودئاگایانە تێکەڵ بەژیانی خەڵک بووە و پاشان پەڕیوەتەوە بۆ ناو ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆر.

٢-لەئێستادا فانتازیا وەک تەکنیک و میکانیزمێکی نوێی هونەری لەکایەی ئەدەبدا تەوزیف دەکرێت.

٣-هەر لەکۆنەوە لای کورد فانتازیا بەشێوەی سادە و ساکار و سەرەتایی تێکەڵ بەژیانی کۆمەڵایەتی بووە و بووەتە بەشێکی گرنگ و سەرنجڕاکێش لە ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆرمان، بەڵام لەسەدەی بیستدا بەشێوەی هونەری خراوەتە بواری ئەدەبی نووسراوەمانەوە.

٤-ئەحمەدمحەمەدئیسماعیل یەکێکە لەوچیرۆکنووسانەی کە سودی لە کەلەپور و فۆلکلۆری دەوڵەمەندی کوردی وەرگرتووە و توانیویەتی وریایانە چەندڕەگەزێکی لێ وەربگرێت و وەک تەکنیکی نوێ بیانخاتە خزمەتی چیرۆکەکانییەوە، یەکێکیش لەو ڕەگەزانە (فانتازیا) یە کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەمان پێداوە.

سەرچاوەکان:

## یەکەم: بەزمانی کوردی:

### ا/ کتێب:

١- ئیسماعیل (ئەحمەدمحەمەد) : ٢٠٢٠، خەونە بێسەروبەرەکان ، چ ١، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی.
2-ئۆسکارمان: ٢٠١١، توحفەی موزەفەرییە، پێشەکی و ساغکردنەوە و هێنانەسەر ڕێنووسی کوردی - هێمن موکریانی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
3- بەرزنجی (عەبدوڵڵاتاهیر)، بەرزنجی (د.عەلی تاهیر):٢٠٢٤، کلیدان، (فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە) ، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
4- حەسەن (محەمەد فەریق): ٢٠٢١، فەرهەنگی وشە زبرەکان، چ ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

### ب/ گۆڤار:

١-ئیبراهیمی (مەزهەر):٢٠٢١، پێکهاتەی چیرۆکی ئەفسووناویی کوردی بەگوێرەی بۆچوونی ڤلادیمێر پرۆپ، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە: ٦٦.
٢-تاتانی(د. محەمەد):٢٠٢٣، فانتازیا لە ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ) ی بەختیارعەلیدا، گۆڤاری کۆچ ژمارە ٢٧-٢٨.

## دووەم: بە زمانی عەرەبی

### ١/کتێب:

1-ارون (پول)، سان-جاك (دينيس) ، ڤيا (الان): ٢٠١٢، معجم المصطلحاتالادبية، ترجمة: د.محمدحمود، ط1، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشروالتوزيع، بيروت-لبنان.
2-علوش (سعيد): ٢٠١٩، معجم مصطلحات النقدالادبى المعاصر،فرنسى-عربى،ط1، دارالكتاب الجديدالمتحدة، بنغازى- ليبيا.
3-كاسرر (ارنست):١٩٦١، فلسفة الحظارة الانسانية او مقال فى الانسان، ت:د.احسان عباس، دارالاندلس ، بيروت-لبنان.
4- طامين (جويل جارد) ، كلودهوبر(مارى):٢٠١٦ ، قاموس النقد الادبى، ترجمەوتقديم وتعليق: محمدبكاى، ط١، دا الرافدين، بيروت، لبنان.
5-ووه (باتريشيا): ٢٠١٨، الميتافيكشن ، المتخيل السردى الواعى بذاته: النظرية والممارسة: ترجمة: السيد إمام ، ط1، دارشهريار، العراق-بصرة.

### ب/ گۆڤار:

1-سعيدمحمدعبدالله(د.):2022 ، ئايدياى سۆفيزم و ئيستاتيكاى دەق مەولەوى(١٨٠٢-١٨٨٦) وەک نموونە ، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، العدد:1 / المجلد:17.
2- خليل شكرى(د.):2009 ، لذة النص/ لذة لحزن قراءة فى(اناشيد مبلله بالحزن)، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، العدد:2/ المجلد:4 / السنة الرابعة.

## سێیەم: بە زمانی فارسی:

### أ/ کتێب:

1- سيماداد: ١٣٨٠، فرهنگ اصطلاحات ادبى، واژەنامه مفاهيم و اصطلاحات ادبى فارسى و اوروپائى به شيوه تطبيقى و توضيحى، چاپ چهارم، انتشارات مرواريد، تهران.

### ب/ گۆڤار:

١- فرامرز خجسته(دكتر) و چاهستانى (مريم بهمنى):١٣٩١، فانتزى درقصه هاى عاميانەى هرمزگان، پژوهشنامه فرهنگى هرمزگان، دوره ٢ ، شماره ٤.